# The Attitude of Kurdish Jurists in South Kurdistan towards the Barzan Issue (1932-1958)

Neamat Ali Mahmood [1], Amanj Ahmad Mustafa[2]
Soran University - Faculty of Arts - History department
*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2473.27*
*Published: 23/12/2024*

## *Abstract*

*The Barzan National Movement, which originated in the early 1930s as a part of the broader Kurdish national liberation movement, persevered despite numerous challenges such as arrests, killings, and deportations. The Barzan people had a longstanding desire for forgiveness and the opportunity to go back to their native land.*

*They consistently turned down various government proposals to relocate them from the Barzan area, even rejecting a housing project initiated by the Reconstruction Council in the Makhmur region of the Erbil district. Their plea for repatriation extended beyond their personal aspirations, with several representatives asserting their right to return to Barzan as a rightful entitlement. They also pressed for compensation and the release of detainees. Prominent leaders in this effort included Mahruf Jiawk, Masud Mhamad, and Mahmood Baban.*

*Our research strictly adhered to the principles of historical research, focusing on documenting events, maintaining objectivity in examination, and conducting analysis. Through this historical analysis, we underscored the pivotal role played by Kurdish legal experts in Southern Kurdistan in addressing the predicament of the Barzan region and opposing its oppression from 1931 to 1958.*

*The diligent efforts of these legal experts received high praise, and the Iraqi government responded to these demands, demonstrating its commitment to the issue by allocating necessary funds in the 1953 general budget. Consequently, most of the incarcerated individuals were set free, though some of their family members remained in detention. The government also aided those who wished to return to their homeland.*

***Keywords:*** *lawyers, Barzan, Baghdad, southern Kurdistan, The monarchical regime.*

# هەڵوێستی مافناسانی کورد لە باشوری کوردستان بەرامبەر پرسی بارزان (١٩٣٢-١٩٥٨)

م. نعمت علي محمود Email/ Niamat.Mahmud@soran.edu.iq

پ. ی. د. ئامانج احمد مصطفى Email/ amanj.mustafa@soran.edu.iq

**پوختە:**

بزاڤی نەتەوەیی لە ناوچەی بارزان لە سەرەتای سیەکانی سەدەی بیستەم، یەکێک بوو لە سیما دیارەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، هەرچەندە جوڵانەوەی بارزان لە (١٩٤٥) کۆتاییپێهات، کەچی ئەو پرسە تاوەکو کۆتایی سەردەمی پاشایەتی درێژەی هەبوو. لەم نێوەندەدا قوربانییەکی زۆریان لە گرتن، کوشتن و ڕاگواستنیان لە زێدی خۆیان دا. هەربۆیە پرسی بارزانییەکان لەو ماوەیەدا بریتیبوو لە داواکاریی لێخۆشبوون و گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان.

لەو ماوەیەدا، بارزانییە دوورخراوەکان بەردەوام پێشنیاری حکومەتیان بۆ نیشتەجێکردنیان لە دەرەوەی ناوچەی بارزان ڕەتدەکردەوە، لەوانە پرۆژەی نیشتەجێکردن کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاوەدانکردنەوە لە قەزای مەخمووری سەر بە لیوای هەولێر ئامادەکرابوو. لە ڕاستیدا بانگەوازی گەڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان تەنیا لە نێوان خۆیاندا قەتیس نەبوو، بەڵکو ژمارەیەک نوێنەری بوێر بە دڵسۆزی و ڕاستگۆیی کەوتنە داواکاری لە حکومەت بە لێبوردنی دەستگیرکراوەکان و قەرەبووکردنەوە و گەڕاندنەوەیان بۆ بارزان، ئەمەیان بۆ ئەوان بە مافێکی ڕەوا دەزانی. نوێنەرەکان بریتیبوون لە مەعروف جیاووک، مەسعود محەمەد و مەحمود بابان.

لە توێژینەوەکەدا پەیرەوی ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی کراوە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکان، پێداچوونەوە و شیکردنەوەیەکی بابەتییانە. بەپشت بەستن بە ڕێبازی شیکاریی مێژوویی، ڕۆڵ و کاریگەریی مافناسانی کورد لە باشوری کوردستان لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی بارزان و داکۆکیکردن لە چەوساندنەوەی دەڤەری بارزان لە نێوان ساڵانی (١٩٣٢-١٩٥٨) خراوەتەڕوو.

لە ئەنجامی هەوڵ و کۆششی مافناسان، حکومەتی عێراق وەڵامی داواکارییەکانی دایەوە، ئاماژەی بەوەدا کە حکومەت گرنگیی بەو دۆسیەیە دەدات و لە چوارچێوەی بودجەی گشتیی دارایی بۆ ساڵی (١٩٥٣)، هەروەها پارەی پێویستی بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکردووە، هەربۆیە حکومەت زۆربەی زیندانییەکانی ئازادکرد، تەنها شێخ ئەحمەد بارزانی و براکانی و ژمارەیەک لە کەسوکارەکەی مانەوە، حکومەت هاوکاریی ئەو کەسانەی کرد کە دەیانویست بگەڕێنەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** (مافناسان، بارزان، بەغداد، باشووری کوردستان و ڕژێمی پاشایەتی)

# هەڵوێستی مافناسانی کورد لە باشوری کوردستان بەرامبەر پرسی بارزان (١٩٣٢-١٩٥٨)

## پێشەکی:

پرسی بارزان دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق لە ساڵی (١٩٢١)، یەکێک بوو لەو پرسانەی کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو و بەردەوامی هەبوو، تاوەکو کۆتایی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق (١٩٥٨). بێگومان پرسی بارزان لە کێشەیەکی ناوچەییەوە خەریک بوو دەبووە پرسی گەلێک، بۆیە حکومەتەکانی عێراق بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد، هەروەها ناوناوە لە ڕێگەی یاسای لێخۆشبوونەوە، دەیانەویست دۆخەکە هێور بکەنەوە، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو ئەم ناوچەیە ببێتە پێگەیەک بۆ تەشەنەکردنی بزاڤی چەکداری نیشتمانی بۆ هەموو باشووری کوردستان.

## گرنگیی توێژینەوە:

گرنگیی باسەکە لەوەدایە کە هەرچەندە لەو ماوەیەدا مافناسانی کورد ژمارەیان زۆر بووە، کەچی دەستەبژێرێکی کەم لە مافناسان بەوپەڕی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی داکۆکیان لە پرسی بارزان و بارزانییەکان کردووە و پێگە فەرمیەکەیان بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێناوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ تیشک خستنەسەر ڕۆڵی مافناسانی کورد لە باشوری کوردستان لە داکۆکیکردن لە پرسی بارزان و خەڵکەکەی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی لێخۆشبوونی گشتی بۆیان و گێرانەوەیان بۆ زێدی خۆیان، لە ڕێگەی مومارەسەکردنی ڕۆڵیان لە دامودەزگاکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا.

## پرسیاری توێژینەوە:

بە پێودانگی ناسیۆنالیزم تاوەکو چەند مافناسانی کورد لە باشوری کوردستان ڕۆڵی ئەرێنییان سەبارەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو پرسە لەنێوان ساڵانی (١٩٣٢-١٩٥٨)هەبووە؟

## چوارچێوەی توێژینەوە:

ئەو ماوەیەی لە توێژینەوەکەماندا وەرمانگرتووە لەماوەی ساڵانی (١٩٣٢-١٩٥٨) دایە، واتا لەگەڵ دەستپێکی ئەو کێشەیە، تاوەکو کۆتایی سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق، هەربۆیە ناونیشانی توێژینەوەکە ( **هەڵوێستی مافناسانی کورد لە باشوری کوردستان بەرامبەر پرسی بارزان ١٩٣٢-١٩٥٨**). باسەکەمان دابەشکردووە بۆ دوو تەوەر. لە تەوەری یەکەمدا تیشکمان خستۆتەسەر گرژبوونی بارودۆخ لە بارزان لەماوەی هەردوو جوڵانەوەی یەکەم و دووەمدا. لە تەوەری دووەمدا باسمان لە ڕۆڵی مافناسان کردووە لە داکۆکیکردن لە پرسی بارزان و بارزانییەکان.

## تەوەری یەکەم: پرسی بارزانییەکان:

پرسی کورد لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی کورد، یەکێک بوو لەو بابەتانەی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، کە دیارترینیان

جوڵانەوەی بارزانی بوو بە سەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەد بارزانی(١٨٩٢-١٩٦٩) و مەلا مستەفا بارزانی. لەماوەی هەردوو جوڵانەوەی یەکەمی بارزان (١٩٣١-١٩٣٢) و دووەم لە (١٩٤٣-١٩٤٥)، یەکێک لەو بابەتانەی لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بووە جێی باس و خواسی نوێنەران لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەو کێشەیە.

کۆچی ئاشوورییەکان لە ناوچەی هەکاریی باکوری کوردستان بۆ عێراق لە ڕێگەی ئێرانەوە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهان (١٩١٤-١٩١٨)، هەروەها نیشتەجێکردنیان لە باشوری کوردستان، ترسی خستە دڵی دانیشتوانی ناوچەکەی، لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق لە ٨ی ئازاری (١٩٢٧) بڕیاری دابوو بە نیشتەجێکردنیان لە ناوچەی چوڵی قەزایەکانی زێبار و ڕواندز. جگە لەوەش کونسوڵی گشتیی تورکیا لە بەغدا لە نامەیەکدا کە لە ڕێکەوتی ٢٥ی حوزەیرانی (١٩٢٨) بۆ وەزارەتی دەرەوەی تورکیای ناردووە، ئاماژەی بەوە کردووە، کە یاسای لێبوردنی گشتیی تورکیا، ئاشوورییەکان ناگرێتەوە، هەربۆیە ڕێگەیان پێنادرێت بچنە ناو تورکیاوە. حکومەتی تورکیا هەر بەوەندەشەوە نەوەستا، بەڵکو نارەزایەتی بەرانبەر بە دامەزراندنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئاشوورییەکان لە نزیک سنوورەکانی دەربڕی، داواشی لە حکومەتی عێراق و بەریتانیا کرد چەکیان لێداماڵن و لە ناوچەکانی تەنیشت سنوورەکانی دووریان بخەنەوە(جبار، ١٩٧٢، ١٠٩).

تاکە ڕێگەچارە لە دیدی حکومەتی بەریتانیا ئەوە بوو کە نیشتەجێ بکرێن و هاوکاری بکرێن بە پێدانی کەرەستەی کشتوکاڵی و دانەوێڵە و ئاژەڵداری لە ناوچە چۆڵەکانی قەزاکانی باکوری عێراقەوە، ئەمەش هەنگاوێکی مەترسیدار بوو بە ئاراستەی دابینکردنی فاکتەرەکانی سەقامگیرکردنیان. بۆ ئەم مەبەستە کۆمسیاری بەریتانیا داوای لە حکومەتی عێراق کرد ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ ئاسانکردنی نیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان بە پێدانی زەویی گونجاو و لێخۆشبوونیان لە باج. لە ٨ی ئازاری (١٩٢٧) ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بڕیارێکی لەو بارەیەوە دا و کارەکانی نیشتەجێبوون تاوەکو ساڵی (١٩٣٢) بە سەرکەوتوویی بەردەوام بوون(جبار، ١٩٧٢، ١٠٩).

دوای بەئەندام بوونی عێراق لە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە (١٩٣٢)، ترسی لای ئاشوورییەکان دروست کرد بەوەی پەراوێز بخرێن و داواکانیان پشتگوێ بخرێت، ئەمەش وای لێکردن داوا لە حکومەتی عێراق بکەن، کە لە باکوری عێراق لەسەر حیسابی دانیشتووانەکەی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمییان بۆ دابمەزرێنێت(الحسني، ج٣، بلا، ٢٥٥؛جبار، ١٩٧٢، ١١٠-١١١). سەرەنجام ئاشوورییەکان دەستیان بەسەر زۆر لە زەویوزارەکاندا گرت، ئەمەش ترسی خەڵکی ناوچەکەی زیاتر کرد و سەری کێشا بۆ پێکدادانێکی چەکداری لە نێوان ئەوان و دانیشتوانەکەی، بەهۆی ئەم دۆخەوە شێخ ئەحمەدی بارزانی داوای لە دەسەڵاتدارانی خۆجێیی موسڵ کرد، کێشەکە یەکلایی بکەنەوە، بەڵام دەسەڵات هەوڵێکی ئەوتۆی لەو بوارە نەدا( الدورة الانتخابية الثالثة، ١٩٣٢، ٣٠٥)، بۆیە دۆسیەکە لە ڕێگەی خۆی دەرچوو، چووە قۆناغێکی مەترسیداری ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری لەگەڵ دەسەڵاتی ناوخۆیی. لە زستانی ساڵی (١٩٣١) گوندی بارزان بوو بە مەیدانی

جولآنەوەیەکی چەکداری بە سەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەد بارزانی، تاکو حکومەتی دووەمی نوری سەعید(١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١-٢٧ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٢) بە هاوکاریی سوپای بەریتانیا کۆتایی پێهێنان(نذير، ١٩٩٣، ٩١-٩٥).

لە ١٤ی ئازاری ساڵی (١٩٣٢) شێخ ئەحمەد بارزانی جولآنەوەیەکی چەکداری لە دژی حکومەتی عێراق دەستپێکرد و ڕەتکردنەوەی پلانی حکومەتی ناوەندی بۆ ناوچەی بارزان و دامەزراندنی ئیدارەی مەدەنی لەوێ ڕاگەیاند. سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەتی ناوەند بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو پرسە، نەیتوانی لەگەڵ شێخ ئەحمەد بگەنە ڕێککەوتن، بۆیە ناچار بوو تا ١٥ی ئازاری (١٩٣٢)بڕیاری دا بە هێز چارەسەری کێشەکان و کۆنترۆڵکردنەوەی دەڤەری بارزان بکات. ئۆپراسیۆنە سەربازییەکان بۆ ماوەی پێنج مانگ بەردەوام بوون، دوای ئەوە شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانی و نزیکەی سەد کەس لە شوێنکەوتووەکانیان ناچاربوون پەنا بۆ خاکی تورکیا ببەن(البارزاني، ١٩٩٧، ٥١ ؛ السعدي، ٢٠١٤، ٤٦).

حکومەتی تورکیا ئامادەیی دەربڕی سەرکردەکانی جولآنەوەکە ڕادەستی حکومەتی عێراقی بکاتەوە، لە بەرانبەردا حکومەتی عێراق بەڵێن بدات کە هیچ ڕێکارێکیان دەرهەق نەگرێتەبەر(عيسى، ١٩٩٢، ١٦١). لە ٥ی شوباتی (١٩٣٣) لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوەی عێراق ئەو پەیامە گەیەنرایە حکومەتی عێراق( كتاب وزارة الخارجة الى سكرتارية المجلس الوزراء، الرقم (٨٥٣)، ٥ شباط ١٩٣٣، الموضوع: اعلان العفو عن البارزانيين، ص٩٨). بە پشتبەستن بە نوسراوی وەزارەتی دەرەوە، بۆ دەرکردنی ئەو لێبوردنە، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی ناوەخۆ ڕادەسپێرێت( كتاب ديوان المجلس الوزراء، الرقم (٣١٩)، ٧ شباط ١٩٣٣، سري للغاية ومستعجل، ص٩٦)، هەربۆیە وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێکەوتی ١٨ی ئازاری (١٩٣٣) لێبوردنی گشتی بۆ بارزانیەکان دەرکرد( وزارة الداخلية- شعبة المخابرات السرية، الرقم (٥٦٦)، ١٨ أذار ١٩٣٣، الموضوع: العفو العام عن العصاة البارزانيين، ص٥٨)، بەو مەرجەی شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا و خێزانەکانیان ناوچەی بارزان جێبهێڵن. سەرەتا لە موسڵ و دواتر ناسریە و پاشان لە سلێمانی دەستبەسەر دەکرێن(البارزاني، ١٩٩٧، ٥٥-٥٨ ؛ السعدي، ٢٠١٤، ٤٧).

لە دانیشتنی (٣٥)ی ئەنجومەنی نوێنەران لە ٢٣ی ئازاری (١٩٣٢)، ساڵح جەبری نوێنەری لیوای مونتەفیک ئۆباڵی ئەو ڕووداو و پێشهاتە ترسناکانەی خستە ئەستۆی موتەسەریفی ئەوکاتی موسڵ(عەبدولعەزیز موزەفەر)، بەوەی کەمتەرخەمی نواندووە لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاشووریەکان لەگەڵ ناوچە کوردنشینەکان و ڕێگریکردن لە پێکدادانی چەکداری کەوا ئەو ئەنجامە نەخوازراوەی لێکەوتەوە( الدورة الانتخابية الثالثة، ١٩٣٢، ٣٠٥)، بەڵام نوێنەری کەرکوک (سلێمان فەتاح) موتەسەریفی موسڵی بە بێتاوان داناو، بۆیە ڕایگەیاند کە کێشەی نێوان هەردوولا، کێشەیەکی لەمێژینەیە و ڕیشەی مێژوویی هەیە. هەر لەسەر بەدواداچوونی ئەم پرسە، نوێنەری موسڵ ( غەیاسەددین نەقشەبەندی) ڕایگەیاند کە

ئاشووریەکان دانیشتوانی ڕەسەنی عێراق نین و دەبوایە بۆ شوێنێکی تر بگوازرابانەوە( المظفري، ٢٠٠٠، ١٢٤-١٢٥).

دوای دوورخستنەوەی شێخ ئەحمەدی بارزان بۆ باشوری وڵات، مامەڵەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بەرانبەری، ڕۆژنامەی (الاخاء الوطني) لە ژمارە (٤١٦)ی خۆی لە ٢٧ی تەموزی (١٩٣٣) نوسیویەتی **"دوێنێ شێخ ئەحمەدی بارزان سەردانی جەنابی وەزیری ناوخۆ، حیکمەت سلێمان و جەنابی نەشئەت بەگ، بەڕێوەبەری گشتیی ناوخۆ و ڕاوێژکاریی ناوخۆی کرد و سوپاس و پێزانینی خۆی دەربڕی بۆ ئەو میهرەبانییەی حکومەتی عێراق و ئەو مامەڵە باشەی کە لەکاتی چوونە ناو حکومەتی عێراقەوە تاوەکو ئێستا لەگەڵیدا کراوە، هەروەها سەرسامی خۆی دەربڕی بۆ ئەو ڕێکخستن و ئاسایشەی لە ناوچەی بارزان زاڵ بووە".** ( الاخاء الوطني، ٤١٦، ١٩٣٣، ٢).

هەر ئەم ڕۆژنامەیە لە ژمارە (٤١٨)ی ٣٠ تەموز دەنووسێت **" زانیمان کە هەندێک کەسایەتیی دیار بەدوای ئەوەن حکومەت ڕازی بکەن، شێخ ئەحمەدی بارزان بۆ موسڵ بگەڕێنێتەوە و لەوێ نیشتەجێی بکات، ئەمەش بە پشتبەستن بە نەگونجاوی کەشوهەوای پایتەخت و گەرما بۆ تەندروستی شێخ ئەحمەد، تێگەیشتنەکە ئەوەیە کە حکومەت لەسەر خواستی ئەو کەسایەتییە بەڕێزانە دوای ماوەیەکی کورت دەینێرێتە موسڵ"** ( الاخاء الوطني، ١٩٣٣، ٢)، بەڵام پێدەچێت ئەو هەوڵانە بەفشاری بەریتانیا شکستی پێهێنرابێت، چونکە لەدیدی بەریتانیەکان شێخ ئەحمەدی بارزان فاکتەری ناسەقامگیریی ناوچەکە بووە، نزیکیی ئەویش لە ناوچەی بارزان مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە، چونکە بەریتانیەکان لە هەوڵی ئەوە دابوون ئەو عێراقەی دروستیانکردووە هێمن و ئارام بێت.

حکومەتی یەکەمی ڕەشید عالی گەیلانی (٢٠ی ئازاری ١٩٣٣-٩ی ئەیلولی ١٩٣٣) لە ١ی ئایاری (١٩٣٣)دا پرۆژە یاسایەکی پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران کرد بۆ لێخۆشبوون لە بارزانییەکان، ئامانجی ئەوە بوو کە بۆ هەمیشە بزووتنەوەکە بوەستێنێت و هێمنی بۆ ناوچەکە بگەڕێنێتەوە، بەڵام لە هاوینی ساڵی (١٩٣٥) بە سەرکردایەتیی خەلیل خۆشەوی نوێ بووەوە(المظفري، ٢٠٠٠، ١٢٥).

هەردوو حکومەتی تورکیا و عێراقی دراوسێ هەماهەنگی هەوڵگریی خۆیان یەکخستبوو بۆ توندکردنی فشار لەسەر ئەو گروپە چەکدارە (البلاغ، ٣٩٥، ١٩٣٥، ٢)، لە ئەنجامدا بۆ ماوەیەک پەنایان بردە بەر خاکی ئێران( فتی العراق، ٢٠٧، ١٩٣٥، ٢)، بەڵام نەیانتوانی لەژێر ئەو فشارانەدا خۆیان بگرن، بۆیە ڕوویانکردە چیای گۆڤەند لە ناوچەی مزوری باڵا، هەرلەوکاتەوە منداڵ و خێزانەکانیان دەکەوێتە دەست حکومەتی عێراق و بۆ باشور دەگوازرێنەوە(فتی العراق، ٢٠٨، ١٩٣٥، ٢)، لە ئەنجامدا ئەو هێزەی لەگەڵ خەلیل خۆشەوی بوو، تاوەکو دەهات کەم دەبووەوە (البلاد، ٢٥٧٨، ١٩٣٥، ٢).

حکومەتی دووەمی یاسین هاشمی (١٧ی ئازاری ١٩٣٥-٢٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٦) لەژێر فشاری بەریتانیا سوور بوو لەسەر کۆتاییهێنان بەم جووڵانەوەیە. هەربۆیە لە ١٩ی

تەموزی (١٩٣٥) هەرسێ موتەسەریفی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک) پلانەکانیان یەکخستبوو بۆ لەناوبردنی ئەو گروپە چەکدارە (البلاغ، ٤٠٠، ١٩٣٥، ٢) ژمارەیەک پۆلیس و بەکرێگیراویان بۆ شوێن پێهەڵگرتنی خەلیل خۆشەوی ئامادە کردو بڕی (٥) هەزار دینار کرابووە دیاری بۆ گرتنی خەلیل خۆشەوی، بەزیندویی، یان بەمردویی(البارزاني، ١٩٩٧، ٥٨). لە ئەنجامی فشاری زۆری سوپا و پاڵپشتی بە هێزی ئاسمانیی بەریتانیا، ڕوویان لە سنوری سوریا کرد بەنیازی پەڕینەوە بۆ ئەو وڵاتە، دوای مانەوەی ماوەیەک لە ناوچە شاخاویەکانی ڕێکان (البلاغ، ٤١٧، ١٩٣٥، ٢)، لەلایەن گەلحێ ڕێکانی ناپاکی لێدەکرێت، دواتر حکومەتی عێراقی لێئاگادار دەکرێتەوە، دوای شەڕێکی نابەرانبەر و بەرگرییەکی بێوێنە لەگەڵ هاوڕێکانیدا (٢٠) کەسیان دەستگیر دەکرێن(البلاغ، ٤٢٣، ١٩٣٥، ٢) و ئەوانیتریش دەکوژرێن و لە ١٨ی شوباتی (١٩٣٦) کۆتایی بەم جووڵانەوەیە دێت(البلاغ، ٤٥٩، ١٩٣٦، ٢؛ البارزاني، ١٩٩٧، ٥٨-٥٩).

دەسەڵاتدارانی عێراق بنەماڵەی بارزانیان تۆمەتبار دەکرد بە ئاراستەکردنی خەلیل خوشەوی و سەرکردایەتیکردنی ڕاپەڕین لە دوورخراوەیی لە موسڵ. بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی موتەسەریفی ئەوکاتی موسڵ (حوسامەددین جومعە) کە دەڵێت" **لە کاتێکدا حکومەت سەرقاڵی بەهێزکردنی ڕژێمەکەی بوو لە بارزان، شێخ ئەحمەد و براکانی سەرقاڵی ڕێکخستنی پەیوەندیکردن بوون بە نهێنی لەگەڵ جێنشینەکەیان لە گوندی ڕێزان (ئۆلوبەک[١])، لە ڕێگەی خەلیل خۆشەویەوە. هەربۆیە پێش کۆتاییهاتنی جووڵانەوەی خەلیل خۆشەوی حکومەتی عێراقی بنەماڵەی بارزانی گواستنەوە بۆ باشوری وڵات**"( البوتاني ، ٢٠١٠، ٢٣٤-٢٣٥).

دوای جوڵانەوەی خەلیل خۆشەوی، ماوەیەک دۆخی دەڤەری بارزان سەقامگیر بوو، بەڵام دوای هەڵاتنی مەلا مستەفا لە سلێمانیەوە بۆ بارزان، بزووتنەوەکە لە تەمووزی (١٩٤٣) جارێکی تر بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی نوێ بووەوە، تاوەکو حکومەتی دووەمی حەمدی پاچەچی (٢٩ی ئابی ١٩٤٤-٢٩ی کانونی دووەمی ١٩٤٦) توانی لە ئابی (١٩٤٥)دا بزووتنەوەکە سەرکوت بکات(ایغلتن، ١٩٩٩، ١٤٥).

ئەوەی جێگای سەرەنجە، لەم سەردەمەدا پرسی کورد لە قۆناغی هەرەمەکییەوە گواسترایەوە بۆ قۆناغی کاری ڕێکخراوەیی حیزبی، کاتێک حیزبێکی سیاسی بە ناوی (هیوا[٢]) لەسەر دەستپێشخەری بەشێک لە ئەفسەر و ڕۆشنبیرانی کورد لە ساڵی (١٩٣٩) دامەزرا و پەیوەندییەکی بەتینی هەبوو لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی ( الفهد، ٢٠١١، ٢٣٧، ٢٨٩). حیزبی هیوا یارمەتی بارزانی دا، بۆئەوەی لە سلێمانییەوە بۆ دەڤەری بارزان هەڵبێت و لە ساڵی (١٩٤٣) شەڕ ڕابگەیەنێت، ئەمەش یەکەم شەڕ بوو بە سەرکردایەتیی مستەفا بارزانی، ژمارەیەک لە پیاوانی بزاڤی کوردی لە دەوری کۆبوونەوە (دەباغ، ١٩٩٧، ١٩؛ رسول، ٢٠٠٥، ١٩٢-١٩٥؛ قادر، ٢٠٠٣، ١١٠).

سەعید ناکام لە بیرەوەریەکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کە لەو کاتەی جوڵانەوەیی بارزان هەڵگیرسا، چینی ڕۆشنبیر و بەشی زۆری نیشتیمانپەروەرانی کورد ڕاستەوخۆ و

ناڕاستەوخۆ پشتگیرییان لێکرد، بە تایبەتی ئەندامانی حیزبی هیوا، بروسکە و نوسراوە تایبەتییەکانی دەهاتنە بەردەست، بە تایبەت لەو بروسکانەی باسیان لە هاوکاری و هەماهەنگیی هەردوو حکومەتی عێراق و تورکیا لەسەر سنورەکان دەکرد، بەپێتی لاتینی نوسرابوون، ئەویش دەیکردن بە عەرەبی( ناکام، ٢٠٠٣، ٥٧).

حکومەتی بەریتانیا ترسی ئەوەی هەبوو بزاڤی چەکداری هەموو کوردستان بگرێتەوە، یان کورد هەوڵی ئەوە بدات پەیوەندیی بە ڕوس، یاخود ئەڵمانەکانەوە بکەن، بۆیە دەیویست بەشێوازێکی نەرم مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا بکات، بۆیە داوای لە عەبدولئیلای وەسی و سەرۆک وەزیران نوری سەعید کرد لە هەڵوێستیدا نەرمی بنوێنێت، بە مەبەستی چارەسەری ئاشتییانە پەیوەندی بە بارزانی بکەن و گوێ لە سکاڵاکانیان بگرن، لەلایەکی تریشەوە لە ڕێگای کۆرنوالیسی باڵوێزی خۆی لە بەغدا، نامەیەکی بۆ بارزانی ناردووە و داوایان لێکردووە دەستبەجێ شەڕ ڕابگرێت و داوای لێبوردن لە حکومەتی عێراق بکات، چونکە ڕانەگرتنی شەڕ بەمانای ئەوەیە دژی بەریتانیا وەستاوەتەوە(جیاووک، ١٩٥٤، ١١٦؛ قادر، ٢٠٠٧، ١٥٩).

لەو هەلومەرجەدا حکومەتی حەوتەمی نوری سەعید هەڵوەشایەوە، حکومەتی هەشتەم لە (٢٥ی کانونی دووەمی ١٩٤٣) پێکهێنرا. جگە لەوەی دوو وەزیری مافناس هەریەکە لە ئەحمەد موختار بابان و عومەر نەزمی کورد بوون، ماجید مستەفاش وەکو کوردێک بووە وەزیری بێوەزارەت لەو حکومەتە(جیاووک، ١٩٥٤، ١١٦). ئاشکرایە هەبوونی سێ وەزیری کورد لەو وەزارەتەدا لەلایەکەوە بۆ ڕاکێشانی سۆزی کورد بوو کە بەشی زۆری دڵی لەگەڵ جوڵانەوەی بارزاندا بوو، لەلایەکی تریشەوە دەیویست لەڕێگەی ئەو وەزیرانەوە ڕایەڵەی پەیوەندیی بە بارزانیەوە دروست بکات، چونکە جوڵانەوەیی بارزان مەترسییەکی گەورە بوو لەسەر دەوڵەتی عێراق.

هاوکات دەسەڵاتدارانی حکومەت تەنها ڕێکاری ڕووکەشیان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد گرتەبەر، کە چاوەڕوان دەکرا جارێکی تر گرژی و ئاڵۆزی لە دۆخی باشوری کوردستاندا لێبکەوێتەوە، دوای ئەوەی حکومەتی نوری سەعید و مەلا مستەفا لە دانوستانەکان نەگەیشتنە ئەنجام(متولي، ٢٠٠١، ٢٣١)، لە ئەنجومەنی نوێنەران متمانە لە حکومەتەکەی وەرگیرایەوەو حکومەتێکی نوێ لە لایەن حەمدی پاچەچی (١٨٨٧-١٩٤٨) ڕاگەیەنرا(الحسني، ج٦، ١٩٨٢، ٢١٨). لە سەردەمی وەزارەتەکەی حەمدی پاچەچیدا، کاتێک حکومەت لە ٨ی ئابی ١٩٤٥دا لەپێناو شکستپێهێنانی جوڵانەوەی بارزانی و داگیرکردنی ناوچەکە لە ڕووی سەربازییەوە بڕیارێکی دەرکرد. بڕیارەکە بریتیبوو لە ڕاگەیاندنی یاسای سەربازی لە قەزای زیبار و ناوچەکانی دەوروبەری، دواتر ناوچەی یاسای سەربازی فراوانتر کرد، بۆئەوەی قەزاکانی ڕواندز، ئامێدی، دهۆک، ئاکرێ و قەزای ناوەندی هەولێر بگرێتەوە( دیوان مجلس الوزراء، الرقم (٨)، ١٩ أب ١٩٤٥، الموضوع: اعلان الادارة العرفية في لواء اربيل و موصل. ص٧). پاشان وەزیری بەرگری و موتەسەریفی هەولێر(سەعید قەزاز[٣]) ئاگاداریەکی سێ ڕۆژەیان دایە بارزانی، بۆئەوەی لەو

ماوەیەدا خۆی ڕادەست بکات، دوای ئەوە هێرشیان بۆسەر بارزان دەستپێکرد( البارزاني، ١٩٩٧، ٧٢). بەم شێوەیە حکومەت دۆخی بارزانی کۆنترۆڵ کرد، دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ، دوای پەنابردنی بارزانییەکان بۆ ئێران، کۆتاییهاتنی جموجۆڵە سەربازییەکانی ڕاگەیاند(ایغلتن، ١٩٩٩، ١٤٥).

## تەوەری دووەم: هەڵوێستی مافناسان بەرانبەر پرسی بارزان:

لە نێو ئەو پرسانەی کورد کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گرنگیی پێدرا، پرسی بارزانییەکان بوو، ئەمەش لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە حکومەتی یەکەمی ڕەشید عالی گەیلانی لە مانگی ئایاری (١٩٣٣)دا پرۆژە یاسای پێشکەش بە پەرلەمان کرد، بۆ لێخۆشبوون لە بارزانییەکان (رسول، ٢٠١٥، ٨٠). لەسەر داخوازی حکومەتی تورکیا ئەوانەی لەگەڵ شێخ ئەحمەد بوون و لەسەروبەندی جولانەوەیی یەکەمی بارزان(١٩٣١-١٩٣٢) پەنایان بردبووە بەر تورکیا ڕادەستی عێراق کرانەوە بەو مەرجەی بریاری لێخۆشبوونیان بۆ دەربکرێت، تەنیا ئەوانە نەبێت کە تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە. لەسەر ئەو بنەمایە لە ئەنجومەنی نوێنەران یاسای لێخۆشبوونیان بۆ دەرچوو, هەروەک ئەوەی لە گەلاڵەنامەکەدا هاتووە" **پێویستە لەسەر پاشا فەرمانی لێبوردنی بارزانییەکان ڕابگەیەنێت، ئەوانەی لە بەرواری (٦ی کانونی یەکەمی ١٩٣١ تاوەکو کۆتایی شوباتی ١٩٣٣) چەکیان دژی حکومەتی عێراقی بەرز کردبووەوە، جگە لە خەلیل خۆشەوی، کەوا پێویستە حکومەت لە چ شوێنێک بە چاک دەزانێت نیشتەجێیان بکات. ئەو لێبوردنە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە تاوانی دژ بە تاک و مافی کەسیان ئەنجام دابێت، ئەو بڕیارە دوای ئەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاودەبێتەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەسەر وەزیری ناوخۆ پێویستە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات**"( سنة ١٩٣٣، لائحة قانون العفو عن البارزانيين، ص ٤٨).

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گرنگیدا بە تاوتوێکردنی هەندێک لایەنی پەیوەست بە پرسی بارزان. کە پێداگری داواکاریی ئاشوورییەکانی شوێنکەوتووی مارشەمعون بۆ نیشتەجێ بوون لە یەک بلۆک و لە ناوچەیەکی دیاریکراو لە باشوری کوردستان، ترسی خستە دڵی کوردانی ناوچەکە. لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، (جەمال بابان[٤])، نوێنەری هەولێر، پرسیاری لەبارەی ئەو ڕێوشوێنانەی کرد کە حکومەت بۆ وەستاندنی ئاشوورییەکان لە شوێن خۆیاندا گرتووەتەبەر، دوای ئەو داواکاریانەی کە بۆ حکومەت بەرزیان کردبووەوە، داوای لە حکومەت کرد مافەکانی کورد دەستەبەر بکات و بیانپارێزێت، هەروەها ڕێگە نەدات دەستدرێژی بۆ سەر موڵک و ماڵی کورد بکرێت، ئەوەشی ڕوونکردەوە کە کوردەکان نیگەرانن لەو چەکە مۆدێرنانەی کە بەدەستی ئاشوورییەکانەوەیە( الدورة الانتخابية الرابعة، ١٩٣٣، ٤٢٥). ئەوەی جێگای سەرەنجە، لەماوەی ساڵانی(١٩٣٥-١٩٤٣) نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەران باسیان لە کێشەی بارزان نەکردووە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەو هێمنیەی لەو ماوەیەدا باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو، بەڵام ئەو هێمنیە تاوەکو سەر نەبوو.

لەم سەروبەندەدا ئەوەی بە ڕاستگۆیانە بەرگریی لە بارزانییەکان دەکرد و هەموو هەوڵ و تەقەلای خستەگەڕ بۆ ئەم مەبەستە (مەعروف جیاووک[٥]) بوو، مەعروف جیاووک تاکە کەس بوو لەو سەردەمەدا پەرۆشی چارەسەرکردنی کێشەی بارزان بوو، ئەو پێیوا بووە کە دوورخستنەوەی بارزانییەکان لە زێدی خۆیان و نیشتەجێ کردنیان لە شوێنێکی تر تەنیا خزمەت بە ئەجینداى بەریتانی دەکرد، کە دەیەویست ئاشوورییەکان لەم ناوچەیە نیشتەجێ بکات. مەعروف جیاووک ڕایگەیاند کە بارزانییەکان تاوانێکیان نەکردووە، تاوەکو بەم شێوەیە ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، هەربۆیە لە ڕێگەی جەمیل مەدفەعی(١٨٩٠-١٩٥٨) سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، نامەیەکی بۆ عەبدولئیلای وەسی نوسیوە و ئەوەی خستۆتەڕوو کە داواکارییەکە بارەکە بەلای خێر و ئاشتیدا بگەڕێ و گێچەڵ و تەنگ پێهەڵچنینی بارزانییەکان تەنیا خزمەتی مەرامەکانی ئینگلیز دەکات(جیاووک، ١٩٥٤، ١٠٧).

وێرای ئەمە، مەعروف جیاووک چارەسەری گونجاویشی خستۆتەڕوو لەپێناو کۆتاییهێنان بەم دۆخە و بەرقەرار کردنی هێمنی و ئاشتی لە دەڤەری بارزان، ئەویش بە پێدانی پۆست و پلەی شایستە. بە دانانی شێخ ئەحمەد بە ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان و مەلا مستەفا بە قایمقامی زێبار، بەڵام هەوڵەکانی سەرینەگرت و حکومەتی عێراق سوور بوو لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بە بەکارهێنانی هێز(جیاووک، ١٩٥٤، ١٠٨).

دوای ڕاکردنی مستەفا بارزانی لە سلێمانییەوە بۆ بارزان، لەمیانەی ئەو دانوستانەی لەنێوان بارزانی و نوری سەعید(١٨٨٨-١٩٥٨) ڕێکخرابوو لە (١٩٤٣)، یەکێک لە مەرجەکانی بارزانی گێڕانەوەی شێخ ئەحمەد و مەڵباتەکەی بوو لە شاری حیللە بۆ بارزان. مەعروف جیاووک یەکێک بوو لە بەرگریکارو داکۆکی کاری بارزانییەکان. دوای مۆڵەت وەرگرتن لە عومەر نەزمی وەزیری ناوخۆ، جیاووک سەردانی شێخ ئەحمەد دەکات لەو کاتەی بانگێشتی بەغدا کرابوو(جیاووک، ١٩٥٤، ١٢٠)، بۆ ئەم مەبەستە جیاووک هەر لە بەغداوە مشوری بەڕێکردنیان دەخوات و تەنانەت گلەیی لە هەردوو وەزیری کورد (عومەر نەزمی[٦] و ماجید مستەفا) دەکات، بەوەی بەم شێوازە هەموویان لە فارگۆنێکی پلە سێی شەمەندەفەر داناون کە بەزەحمەت جێگایان دەبێتەوە، هەربۆیە لەسەر ئەرکی خۆی فارگۆنێکی پلە یەک بۆ شێخ ئەحمەد دەگرێت لەگەڵ دابینکردنی خواردن، دواتر لە ١٢ی شوباتی (١٩٤٤) دەگەنەوە بارزان(البارزاني، ١٩٩٧، ١٠٥).

لە سەروبەندی جوڵانەوەی دووەمی بارزان(١٩٤٣-١٩٤٥) بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی جارێکی تر پرسی بارزانییەکان هاتەوە بەرباس و خواس. نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی عێراق لە چەند دانیشتنێکدا بەڵێنی بە ئەنجومەنی نوێنەران دابوو کە ڕاپۆرتێکی ورد لەبارەی ڕووداو و ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا لە دەڤەری بارزان پێشکەش بکات، بەڵام بەڵێنەکەی جێبەجێنەکرد، بۆیە نوێنەری لیوای عەممارە عەبدولکەریم ئەزەری لە دانیشتنی ١٧ی ئایاری (١٩٤٤) سەبارەت بەو ڕاپۆرتەی کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، پرسیاری کرد، داوای زانینی هۆکارەکانی پشت ئەو جوڵانەوەی کرد، دووپاتیشی کردەوە، ئەگەر بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکان

بکرێت، ئەوا زۆر کەموکورتی و هەڵەی گەورە لە ئیدارەدا دەردەکەون( الدورة الانتخابية العاشرة، ١٩٤٤، ٣٠٧).

نوێنەری بەغدا(حەسەن سوهەیل) لە دانیشتنی ٥ی کانوونی دووەمی (١٩٤٤) بە ئامادە بوونی عومەر نەزمی وەزیری ناوخۆ، تەنها بەرپرسانی حکومەتی عێراقی لە کەمتەرخەمی و پشتگوێ خستنی دۆخی دەڤەری بارزان بە بەرپرسیار دەزانێت، عومەر نەزمی وەزیری ناوخۆ وەڵامی دایەوە و ڕایگەیاند: لیژنەیەک پێکهاتووە لە کۆمەڵێک کەسی سەربازی و مەدەنی بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە(الدورة الانتخابية العاشرة، ١٩٤٤، ٣١٠-٣١١).

کاتێک ئەنجومەنی نوێنەران باسیان لە ڕێکخستنی یاسای لێبوردنی بارزانییەکان کرد، کە لەسەر داوای وەزیری ناوخۆ مستەفا عومەری(١٨٩٦-١٩٦٠) پێشکەشکرا، هەردوو نوێنەری مووسڵ(سالم نامیق و ئیبراهیم عەتارباشی)، ئاماژەیان بەوەدا کە بزووتنەوەکەی مەلا مستەفا بارزانی جوڵانەوەیەکی ناوخۆیی بووە، هۆکارەکانی خراپ بەڕێوەبردن و لاوازیی کارگێڕی لەو هەرێمە بووە(الدورة الانتخابية العاشرة، ١٩٤٥، ٣٧٢-٣٧٣)، لای خۆیەوە مستەفا عومەری(١٨٩٤-١٩٦٠)، وەزیری ناوخۆی عێراق ئاواتی خواست دوای دەرچوونی یاسای لێبوردن لە کوردستان بگەڕێنەوە سەر ڕەوتی ژیانی ئاسایی خۆیان و هەر بەو شێوەیەش ماددەی(ڕێکخستنەوەی یاسای لێبوردن بۆ بارزانییەکان) دوای ئەوەی دووجار گەڕێنرایەوە بۆ لیژنەی هاوبەشی کاروباریی یاسایی و ناوخۆ بۆ هەمووارکردنەوە، لە ڕێکەوتی ١٠ی نیسانی (١٩٤٥) پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران کراو و پەسەندکرا(الدورة الانتخابية العاشرة، ١٩٤٥، ٤٧). ئەوەی لەم خولەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران تێبینی دەکرێت هیچ کام لە نوێنەرانی کورد بە مافناسەکانیشەوە بەرگریان لە دۆزی بارزان و بزاڤەکەی نەکردووە، بەڵکو تەنیا عەرەبەکان بوون باسیان کردووەو تەنانەت بەرگریشیان لێ کردووە.

لە سەروبەندی پێکهێنانی حکومەتەکەی حەمدی پاچەچی(٣ی نیسانی ١٩٤٤) و هەڵوەشاندنەوەی ڕیکەوتن لەگەڵ بارزانی، جارێکی تر مەعروف جیاووک هەڵویستێکی نەتەوەیی دەنوێنێت و هەوڵی هێورکردنەوەی دۆخەکە دەدات بۆ ڕێگریکردن لە پەلاماردانی ناوچەی بارزان، بۆ ئەم مەبەستە لە کۆتایی مانگی تەموزی (١٩٤٤)، چاوی بە مستەفا عومەری(١٨٩٤-١٩٦٠) وەزیری ناوخۆ دەکەوێت، لەم دیدارەیدا باس لە ستەم لێکراوی بارزانیەکان دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە بارزانیەکان هیچیان ناوێت جگە لە جێبەجێکردنی چاکسازیەکان و ڕێگری لە نیشتەجێکردنی ئاشووریەکان لە ناوچەکانی خۆیان، هەربۆیە پێویست بەو گەلەکۆمەکێیە ناکات. جیاووک هەوڵ دەدات چارەسەرێک بۆ ئەم دۆخە بدۆزێتەوە، لەبەرانبەردا وەزیری ناوخۆ وەڵامی دەداتەوە کە مەلا مستەفا پابەندی ڕێکەوتنەکەی نەبووە لەگەڵ حکومەتی عێراق و بەردەوام سەردانی ناوچە جیاجیاکان دەکات و ئامادە نەبووە چەکەکانیان دابنێن. لەم دیدارەدا هەردوولا دەگەنە ئەو ئەنجامەی جیاووک نامەیەک بۆ شێخ ئەحمەد بنێرێت و لە سەرەنجەکانی ئەو دیدارە

ئاگاداری بکاتەوە، پاشان جیاووک نامەیەک دەنوسێت و دەنێرێت، بەڵام نامەکە هیچ وەڵامێکی نابێت و خودی جیاووک گومانی هەبووە ئەو نامەیە گەیشتبێت(جیاووک، ١٩٥٤، ١٢٥-١٢٦).

مەعروف جیاووک هەر بەوەندە نەوەستاوە و لە هەوڵەکانی خۆی نەکەوتووە، بەڵکو هەر بۆ ئەم مەبەستە سەردانی نوری سەعیدی سەرۆک وەزیران دەکات، هەرچەندە باوەڕپێکراوی یانەی سەرکەوتنی کوردان بووە، کەچی ئامادە بووە بچێتە ناو حیزبەکەیەوە(الاتحاد الدستوري) بەو مەرجەی هەندێک لە داواکاریەکانی جێبەجێ بکات، کە بریتیبوون لە دەرکردنی یاسای لێبوردن لە بارزانییەکان و گێڕانەوەیان بۆ زێدی خۆیان و پەیڕەوکردنی دادپەروەری لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی گەلانی عێراق بەبێ جیاوازی ڕەگەز و توخم و ئایین(جیاووک، ١٩٥٤، ١٥٠).

مەعروف جیاووک ئەو کاتەی موتەسەریفی سلێمانی بووە(٧ی ئابی ١٩٤٤- ٣ی نیسانی ١٩٤٦) (ساڵح، ٢٠١٢، ١٦٨)، هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئەو پۆستە پەیامی خۆی گەیاندۆتە سەرووی خۆی و لە لێکەوتە خراپەکانی ئاگاداری کردوونەتەوە و لە هەمانکاتدا تێڕوانینی خۆی بۆ چارەسەرکردنی پرسی بارزان خستۆتەڕوو، بۆ ئەم مەبەستە چەندین نووسراوی بۆ وەزارتی ناوخۆ ناردووە، بە پێچەوانەی هەردوو موتەسەریفی هەولێر و موسڵ، پێیوابووە پێویست ناکات سوپا بنێردرێتە سەر کوردستان، بەڵکو دەکرێت ئەو کێشەیە بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، بەڵام لەلایەن وەزیرەوە بە تەلەفۆن بەتوندی وەڵام دراوەتەوە بە دەستەواژەی (سبق السيف العذل) واتا ( شمشێرەکە پێش زەلیلکردن کەوت)، وەک ئەوەی حکومەت بیەوێت تۆڵە لە بارزانییەکان بکاتەوە(جیاووک، ١٩٥٤، ١٥٣).

لە ٨ی ئابی (١٩٤٥) ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادەبوونی هەردوو وەزیری کورد( ئەحمەد موختار بابان[٧] و تۆفیق وەهبی) بە پاساوی مەترسی جوڵانەوەیی بارزان و پەلوپۆ هاویشتنی بۆ ناوچەکانی تر یاسای سەربازییان لە قەزای زێبار و دەوروبەری ڕاگەیاند، دواتر بە یارمەتی هۆزە کوردییەکان پەلاماری ناوچەکەیان دا، لە ١٣ی تشرینی یەکەمی (١٩٤٥) بارزانی لەگەڵ هێزەکانی ڕوویانکردە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لەمکاتەدا ئامادەکاری بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد دەکرا( البارزاني، ١٩٩٧، ١٩٦). لەم حکومەتەدا وەزیرە کوردەکان ڕۆڵێکی نەرێنیان هەبووە و هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە بەرانبەر ئەو دەستدرێژیانەی کراوەتە سەر کوردستان، تەنانەت لەگەڵ حکومەت هاوڕا و هاوهەڵوێست بوونە.

دوای گەیشتنی مەلا مستەفا و هێزەکەی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن حیزبی دیموکرات و سەرکردایەتی و خەڵکیەوە مامەڵەیەکی خراپیان بەرانبەر کراوە، هەروەک (برایم ئەحمەد[٨]) لەم بارەیەوە دەڵێت" **نەک هەر سەبارەت بە نەبوونی و برسێتی و بێکەسی گرانەتاشیان تیا بڵاوبووبووەوە و ڕۆژانە لێیان دەمرد، ئەمەش لەبەرئەوە بوو کە کاربەدەستان بە چاوی پیاوی بەریتانیا تەماشای کردوون و پێیانوابوو بە پلانی ئینگلیز هاتوونەتە ئەوێ، بۆئەوەی خەباتی ئەوان تێکبدەن**"( کەریمی، ٢٠٠٥، ٢٧٠).

لەم بارەیەوە برایم ئەحمەد دەڵێت" **لە ڕاستی دەنگ و باسی حاڵی مەلا مستەفا و هێزەکەیمان پێگەیشت، لقەکەمان کەوتە چالاکییەک لە سنووری دەسەڵاتی خۆی دا، کەوتینە پیتاک کۆکردنەوە بە هۆی شانەکانی لقەوە، لەماوەیەکی کەمدا بە هۆی ئەندامانی لق و پیاوچاکانەوە پارەیەکی زۆرمان لەچاو ئەو کاتەدا کۆکردەوە و بەهۆی تەترە تایبەتیەکەمانەوە بۆمان ڕەوانە کردن"**(مەردۆخی، ٢٠١٢، ٧٨-٧٩).

پاش ماوەیەک بە هۆی نوری ئەحمەد تەها (١٠٢١-١٩٩١)ی هاوەڵی بارزانی لە کۆماری مهاباد، نامەیەک دەنێرن بۆ برایم ئەحمەد، تیایدا دوای سوپاسگوزاری بۆ ئەو یارمەتییانە، بەهۆی خراپی دۆخی گوزەرانیان داوای هەندێک یارمەتی تریان لێکردبوو، ئەم جارە لە ڕێگەی ئەندامانی لقی کۆمەڵەوە[٩] پارەیەکی دوو ئەوەندەی جاری پێشوو کۆکراوەتەوە و بە نووری دا ڕەوانکراوە(ئەحمەد، ١٩٩٦، ٥٠).

مانگێک دوای ناردنی ئەو یارمەتیانە، برایم ئەحمەد نامەیەکی مەلا مستەفای پێدەگات لە ڕێگەی (هەمزە عەبدوڵلا[١٠])وە، لە نامەکەدا دوو کاغەزی تیابووە یەکێکیان بۆ برایم ئەحمەد و دووەمیان بۆ (بابا عەلی شێخ مەحمود). سەبارەت بە نامەکەی خۆی، برایم ئەحمەد دەڵێت" **مەلا مستەفا لە نامەکەی مندا نووسی بوی کەوا پارە و نامەکەی وەرگرتووە و داوای کردبوو کە یارمەتی کاک هەمزە بدەن لەجێبەجێ گەیاندنی کارەکانیداو ئەو نامەیەش بدەم بە شێخ بابەعەلی دۆستم و تکاشی لێ بکەم کە بە دڵ هەوڵ بدات بۆ بەجێگەیاندنی داخوازیەکانی"** (کەریمی، ٢٠٠٥، ٢٧١).

بە پێی وتەی برایم ئەحمەد، بارزانی لە نامەکەدا داوای لە (بابا شێخ عەلی مەحمود) کردبوو هەوڵی بۆ بدات لە لای (عەبدولئیلا)ی وەسی کە ڕێگا بە بارزانیە ئاوارەکان بدات بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان و ئەو (١١١) کەسەشیان کە بە لە سێدارەدان حوکم دراون، حوکمەکانیان بکرێ بە زیندانی بەدرێژایی ژیان( مەردۆخی، ٢٠١٢، ٧٩).

سەبارەت بە گەیاندن، یاخود نەگەیاندنی نامەکەی بارزانی بۆ بابا عەلی شێخ مەحمود، هەر زوو برایم ئەحمەد داوای کۆبوونەوەی لیژنەی کارگێڕیی لقی کۆمەڵەی کردووە، لە کۆبوونەوەکەدا دوای وتوێژێکی وورد بە کۆی دەنگ گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە گەیاندنی نامەکە کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر بارزانی بە تایبەتی و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی بە گشتی دەکەوێتەوە، هەر بۆیە لیژنەی کارگێڕیی لق بڕیاریان داوە کە بە هیچ شێوەیەک نامەکان نەدرێ بە بابا شێخ عەلی مەحمود، پاشان بڕیاریان دا لە ڕێگەی دوو بژاردەوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، یەکەمیان: ئەوە بوو کە نامەیەک بنووسن بۆ قازی محەمەد لە مهاباد کە ئەمڕۆ مەلا مستەفا وەک قارەمانێکی نیشتمانی لەم بەشەی کوردستانی ژێر دەستی بەریتانیا و عێراقدا ناوی دەهێنرێت. لەبەرئەوە هەر ڕەفتارێکی ناشیرین بەرانبەر بەخۆی یان هێزەکەی بکرێت لە هەر لایەکەوە بێ، وەک ئەوە وایە کە بەرانبەر بە هەموو کوردێکی باشووری کوردستان کرابێ، بێگومان ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی دەبێت بۆ سەر ناوبانگ و خەباتی حزب و لقەکەمان (مام

جەلال، کوردستانی نوێ، ٢١٥٢، ٢٠٠٠، ٣). دیارە پێیانوابووە ئەو تکاکردنە لەم قۆناغە مێژوییەدا لەبەرژەوەندیی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد نەبووە، چونکە باشوری کوردستان هیوایەکیان لەسەر بارزانی هەڵچنیبوو، باشترین بەڵگە بۆ ئەمە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد بوو لە ١٦ای ئابی (١٩٤٦) بە ڕابەرایەتی بارزانی.

سەبارەت بە هەڵوێستی نوێنەرانی کورد کە ژمارەیان زیاتر لە (٢٠) نوێنەر بوو لە کۆی (١١٦) نوێنەر لە خولی دەیەمی هەڵبژاردن، کەچی هەڵوێستێکی بەرگریی نابینرێت سەبارەت بە بارزانی و بزووتنەوەکەی، نوێنەری هەولێر محەمەد عەبدوڵلا نەقیب(١٩١٨-١٩٩٢)، ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی بەرانبەر سیاسەتی حکومەت لە دابینکردنی خەرجییەکانی جەنگ و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سەر بارزان و پێیوابوو ئەم هەنگاوە پێویستە بۆئەوەی قەوارەی پاشایەتی و بەرژەوەندی وڵات بپارێزرێت. هەروەها ئاماژە بە گرنگیی هەوڵەکانی حکومەت دەکات بۆ دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ حکومەتی ئێران، بە مەبەستی ڕادەستکردنەوەی مەلا مستەفا و شێخ ئەحمەد و شوێن کەوتووانیان بە حکومەتی عێراق بە مەبەستی ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی بزووتنەوەکە(الدورة الانتخابية العاشرة، ١٩٤٦، ٧٦). لە ٦ی ئایاری (١٩٤٧) یاسای سەربازی لە هەردوو قەزای ( ڕواندز و زێبار)ڕاگەیەنرا، لەو کابینە وەزاریەی ساڵح جەبر، جەمال بابان وەزیری داد بوو، یەکێک بوو لەوانەی واژوویان لەسەر بڕیارەکە کردبوو، ئەم یاسایە تاکو ٥ی تەمموزی (١٩٤٧) بەردەوام بوو ( الحسني، ج٧، ١٩٨٢، ١٧٠-١٧٢).

کاریگەریی جوڵانەوەی نەتەوەیی کورد، وایکرد حکومەتی عێراق لە وتاری پاشایەتی قسە لەسەر ئەم بابەتە بکات، کە لەلایەن وەزارەتی ساڵح جابرەوە(١٨٩٦-١٩٥٧) ئامادەکرابوو، لە دانیشتنی یەکەمی کانونی یەکەمی ساڵی (١٩٤٧)دا لەلایەن وەسی پێشکەشکرا(ئەنوەر جەمیل)ی مافناس و نوێنەری سلێمانی دەرفەتەکەی قۆستەوە بۆ چارەسەرکردنی پرسی بارزانییەکان، داوای لە حکومەت کرد چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ کێشەکەیان بدۆزێتەوە، ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو بڕە (١٠) هەزار دینارەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆ هاوکاری و چارەسەری کێشەی پەنابەرانی بارزانی تەرخانکراوە، کێشەکەی پێ چارەسەر ناکرێت، مەگەر حکومەت پرۆژەیەکی کرداری بخاتەڕوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان بە شێوەیەکی یەکجاری و خێرا. بەهائەددین نوری هەمان ڕای هەبوو و لەهەمان کاتدا ڕەخنەی لە شێوازی مامەڵەکردنی حکومەت گرت لەگەڵیاندا، بە تایبەتی کە ئەو یەکێک بوو لەوانەی شانبەشانی هاوکارەکەی، عیزەدین مەلای نوێنەری هەولێر، ئەرکی سەرپەرشتیکردنیان پێ سپێردرابوو، ئاماژەی بەوەدا پرۆژەکە هەموو پەنابەرانی لەخۆ نەگرتووە(الدوسكي، ٢٠٠٨، ٢٢٦-٢٢٧).

لە دانیشتنی ١٨ی شوباتی (١٩٥٢)ی ئەنجومەنی نوێنەران، نوێنەری لیوای کەرکوک داود جاف داوای لە عومەر نەزمی وەزیری ناوخۆ کرد بەزەیی بنوێنێت بەرانبەر بە بارزانییەکان و بیانگێڕێتەوە بۆ شوێنی خۆیان و لێبوردنەکە هەمەلایەنە بێت لە بەرژەوەندی یەکێتی نەتەوەیی،

وەزیری ناوخۆ لە وەڵامدا وتی پارەی پێویست بۆ نیشتەجێکردنیان تەرخان کردووە( الدورة الانتخابية الثانية عشرة، ١٩٥٢، ١٨٢-١٨٣)، لەلای خۆشیەوە (مەحمود بابان[١١]) لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ بودجەی ساڵی(١٩٥٣)، داوای زیادکردنی ئەو برە پارەی کرد کە بۆ نیشتەجێ کردنیان دانرابوو کە(١٠) هەزار دینار بوو لە مادەی(٧٥)ی ئەو یاسایە، هەروەها داوای لە حکومەتی حەوتەمی جەمیل مەدفەعی(٧ ئایار ١٩٥٣- ١٥ ئەیلول ١٩٥٣) کرد کە خزمەتگوزاریی پێویست بۆ نیشتەجێبوونیان پێشکەش بکات( الدورة الانتخابية الثالثة عشرة ، ١٩٥٣، ٥٢٤).

لە ٢٢ی نیسانی ساڵی(١٩٥٣)دا، پرۆژە یاسایەک بۆ لێخۆشبوون لە بەرپرسانی جوڵانەوەی ڕەشید عالی گەیلانی ساڵی(١٩٤١) پێشکەش کرا و لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پێشوازی لێکرا، ئەمەش (مەسعود محەمەد[١٢])ی هاندا بۆ وروژاندنی ئەو پرسە، کەوا ڕەخنەی لەو ڕێوشوێنانە گرت کە حکومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بارزانییەکان گرتبویەبەر، لەوانەش تەرخانکردنی بەخشینێک بە بڕی(١٠) هەزار دینار بۆ خێزانە ئاوارەکان(الأوقات البغدادية، ٣٠٥، ١٩٥٣، ١)، کاتێک جەمیل مەدفەعی(١٨٩٠-١٩٥٨)جێگری سەرۆکی ئەنجومەن قسەکانی پێبڕی و وتی ئەمە لە بابەت دەرچوونە، مەسعود محەمەد بێگوێدانە ئاگادارییەکەی لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، وتی **"لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە کە مەبەست لێی بەخشینی(١٠) هەزار دینار بوو، بۆ ئەوەی بیانگەڕێننەوە بۆ مەخموور، پێموایە نەک ئەو(١٠) هەزار دینارە، بەڵکو لەوەش زیاتر چارەسەری کێشەکە ناکات، چارەسەری بەسوود گەڕانەوەیانە بۆ زێدی خۆیان، ئەمە تاکە چارەسەرە کە کۆتایی بە کێشەکە دەهێنێت و ویژدانی گشتیش ڕازی دەکات"**(الدورة الانتخابية الثالثةعشرة، ١٩٥٣، ٣٤٩). لە بەرانبەردا عەبدولڕەزاق شێخلی ڕایگەیاند کە پشتگیریی قسەکانی مەسعود محەمەد دەکات و داواش لە حکومەت دەکات چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ پرسی بارزانییەکان بدۆزێتەوە، بەجۆرێک لێبوردنی گشتی هەموویان بگرێتەوە و بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان وەک هەر هاوڵاتیەکی عێراق کە بەر بڕیاری لێخۆشبوون کەوتوون و گەڕاونەتەوە زێدی خۆیان(الأوقات البغدادية، ٣٠٥، ١٩٥٣، ١).

لە کۆبوونەوەی ١٧ی ئایاری (١٩٥٣)دا سەرلەنوێ مەسعود محەمەد کێشەی بارزانیەکانی خستە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران و ڕەخنەی لە هەڵوێستی وەزیری ناوخۆ سەعید قەزاز(١٩٠٤-١٩٥٩) گرت(الأوقات البغدادية، ٣٢٤، ١٩٥٣، ٢)، ئەمجارەیان سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، جەمیل ئورفەلی(١٩٠٧-١٩٩٤) قسەکانی پێبڕی، بەڵام مەسعود محەمەد لە قسەکردن نەوەستا و لۆمەی وەزیری ناوخۆی کرد و ڕایگەیاند کە بەرپرسیاریەتیی وەزیری ناوخۆ دوو لایەنەیە، لەلایەک بەرپرسیاریەتیی سیاسی و لەلایەکی تریشەوە بەرپرسیاریەتیی ئەدەبی کە کوردە، تکا دەکەم زیادەڕۆیی لەو سیاسەتە نەکات، هەندێ ڕێوشوێن بگرێتەبەر کە وابکات کەمێک لە ئێش و ئازارەکانیان لەناو زیندان کەم بکاتەوە(الدورة الانتخابية الثالثةعشرة، ١٩٥٣، ٥٥٩-٥٦٠). ئەم هەڵوێستەی مەسعود محەمەد پشتگیریەکی گەورەی بەدەستهێنا لەناو ئەنجومەن، بە تایبەتی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن، کە بەدەنگ بەرزکردنەوە و هاوارکردن لەناو ئەنجومەن ڕێگایان بە

سەرۆکی ئەنجومەن نەدا ڕایبگرێت لە قسەکردن کە دیارترینیان(عەبدولرەزاق شێخلی، ڕوفائیل بەتی، عارف قەفتان، زیبان ئەلغوبان) بوون، بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەکان دەرچوون، تیشکیان خستەسەر ڕاستییەکانی ئەو دانیشتنە گەرمە و ناوی وتاردەران، دواتر بڕیاری لێبوردن سەبارەت بەو کەسانەی کە پەیوەندییان بەو بابەتەوە هەبوو، دەرکرا(محەمەد، ١٩٩٩، ٢٨١؛ شریف، ١٩٨٨، ٢١-٢٢).

لەمیانەی قسەکردن لەسەر بودجەی وەزارەتی ناوخۆ، مەسعود محەمەد تیشکی خستە سەر ئەو بابەتە و ڕایگەیاند کە بابەتی بارزانییەکان بابەتێکی گشتییە و پێویستە وا لە بارزانییەکان بگەیەندرێت ئەوانیش بەشێکن لە یەکێتیی عێراق، ئەو مەسەلەیە تەنیا بۆ بارزانییەکان نیە، بەڵکو بۆ هەموو گەلی کوردە. لە وەڵامدا، سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆ ڕایگەیاند کە ئەو لیژنەیەی ڕای سپاردبوو بۆ لێکۆڵینەوە لەو ناڕەحەتییانەی توشی بارزانییەکان هاتبوو، کارەکانی هەفتەی ئاییندە تەواو دەبێت و بڕیاری پێویست دەردەکرێت، بۆیە دەیان بارزانی لێبوردن دەیانگرێتەوە(الأوقات البغدادية، ٣٢٤، ١٩٥٣، ٢).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو لایحە یاساییانەی لە ساڵی (١٩٥٣) دەرچوو بۆ گەڕانەوەی موڵک و سامانی ئەو کەسانەی لە جوڵانەوەی ئایاری (١٩٤١)دا بەشداربوون، لە دانیشتنی ئەنجومەن کە لە ٢٠ی کانوونی دووەمی (١٩٥٤) بەڕێوەچوو، عیزەددین مەلا نوێنەری هەولێر، پێشنیارێکی پێشکەش بە سەرۆکایەتیی ئەنجومەن کرد بۆ گەڕاندنەوەی موڵک و سامانی بارزانییەکان و دەرکردنی لائیحەیەکی یاسایی بۆ ئەو مەبەستە، لەلای خۆیەوە مافناس مەحمود بابانی نوێنەری کەرکوک پشتگیریی لێکرد و داوای لە سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆی کرد کە ئەو پێشنیارە جێبەجێ بکات، هیواشی خواست ئەو لێبوردنە گشتییەی حکومەت بارزانییەکان بگرێتەوە و ڕایگەیاند" **هیوادارم حکومەت بڕیار لەسەر لێبوردنی هەمەلایەنە بدات، هیوام وایە حکومەتی ڕێزدار خواستی نوێنەران و هاوڵاتیان بەدی بهێنێت**". لە وەڵامدا وەزیری ناوخۆ گوتی" **تەنها بارزانی و براکانی و بەشێک لە کەسوکاری لە زینداندا ماونەوە و حکومەت دەستی هاوکاری بۆ ئەو کەسانە درێژکردووە کە دەیانویست بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان**"( الدورة الانتخابية الثالثةعشرة، ١٩٥٣، ٥٢٤).

لەکاتی پێشکەش کردنی لیژنەی کاروباریی یاسایی لە پەرلەمان ڕاپۆرتەکەیان سەبارەت بە یاسای گەڕاندنەوەی موڵک و ماڵی نەگواستراوە لە هەردوو لیوای موسڵ و هەولێر، نوێنەرانی کورد ئەو دەرفەتەیان قۆستەوە و لە دانیشتنی ٢٠ی کانوونی دووەمی (١٩٥٤)دا داوایان کرد ئەو لێبوردنە هەموو ئەو سزادراوانەی بارزان بگرێتەوە کە لە زیندانەکانی عێراقدان، سەبارەت بە لێبوردنی بارزانییەکان سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆ ڕایگەیاند لێبوردنەکە هەموان دەگرێتەوە تەنیا شێخ ئەحمەدی بارزانی و برایەکانی و هەندێک لە کەسوکاری نەبێت بەهۆی ترسناکیی تاوانەکەیان و هەلومەرجی بارزان، کاتی ئەوە نەهاتووە سەرلەنوێ بە کەیسەکەیاندا بچینەوە، و یەکسانیان بکەینەوە لەگەڵ ئەوانی تر کە لێبوردنەکە دەیانگرێتەوە. هەروەها ڕایگەیاند حکومەت

دەستی هاوکاری بۆ هەر کەسێک درێژ کردووە کە ئارەزووی گەڕانەوەی لە هەولێر و موسڵەوە بۆ دەڤەری بارزان هەبووە و بڕە پارەیەکی ڕادەست کردووە و ئامرازێکی گواستنەوەی بۆ ڕێکخستووە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە شوێنی خوازراو ( الدورة الانتخابية الخامسة عشر، ١٩٥٤، ٨٤-٨٥).

لە ساڵی (١٩٥٥) یاسای ژمارە (٧)ی لێبوردن و گێڕانەوەی موڵک و ماڵی نەگوازراوە دەرچوو، ئەو موڵک و ماڵەی کەوا ئەنجومەنی سەربازی ( المجلس العرفي العسكري) بە بڕیاری شاهانەی ژمارە (٤٢١) لە ڕێکەوتی ١٩ی ئابی (١٩٤٥) دەستی بەسەرداگرتبوو و لە فەرمانگەی تاپۆ بەناوی حکومەتەوە تۆمار کرابوو، سەبارەت بەگێڕانەوەی بۆ میراتگرەکانیان. جگە لە موڵک و ماڵی نەگوازراوەی شێخ ئەحمەدی بارزان و براکانی و خزمە نزیکەکانی ( الوقائع العراقية، ١٩٥٥، ١٣٢).

لە ٤ی حوزەیرانی (١٩٥٣) ڕۆژنامەی ( الأوقات البغدادية)دا لە ژمارە (٣٠٠)ی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە مەلا مستەفا بارزانی کە ماوەیەکە لە عێراق ڕایکردووە، فەرمانگەی دبلۆماسی تورک ڕایگەیاند بەیارمەتی ڕووسەکان فەیلەقێکی سەربازی لەسەر سنوری ڕوسیا و ئێران پێک هێناوە و بە هەموو چەک و مەشقی سەردەم ئامادە کراوە. ئەو زانیاریانەی گەیشتوون ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕوسەکان بەڵێنیان بە سەرۆک هۆزە کوردەکان داوە دەوڵەتێکیان بۆ دروست بکەن(الأوقات البغدادية، ٣٠٠، ١٩٥٣، ٢). ڕەنگە بەهۆی ئەو زانیارییە هەڵانەوە بێت حکومەتی عێراق کەمتەرخەمی نواندووە لە لێبوردنی گشتی بۆ بارزانییەکان و لە نێویشیاندا بنەماڵەی شێخ ئەحمەد بارزانی و مەلا مستەفای برای.

هەرچەندە ئەو بارزانییانەی لە عێراق بوون لێبوردنی گشتییان بۆ دەرکرا و کەمێک ژیانیان باشتر بوو، بەڵام مەلا مستەفا بارزانی بەدەر بوو لە یاسای لێبوردنی گشتی، تاوەکو بەرپابوونی جوڵانەوەیی ١٤ی تەموزی ساڵی (١٩٥٨) و کۆتاییهێنان بە ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق.

## ئەنجام:

١- پرسی بارزان دەرەنجامی هاوکێشەیەکی هەرێمی بوو، چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان، دەڤەری بارزانی پەلکێشی کێشەیەکی درێژخایەن لەگەڵ دەوڵەتی عێراق کردەوە.

٢- داواکاریی بارزانیەکان ئەوەبوو بە هێمنی و ئارامی لە زێدی خۆیان بژین و لەسەروبەندی ناکۆکیەکانیشیان لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق، هەمیشە خوازیاری گەڕانەوە بوون بۆ ناوچەکەیان و هەموو پێشنیارێکی حکومەتیان ڕەت کردۆتەوە بە نیشتەجێکردنیان لە دەرەوەی ناوچەی

بارزان، لەنێویشیاندا پێشنیاری نیشتەجێبوونی ئەنجومەنی ئاوەدانی(مجلس الاعمار) لە قەزای مەخموری سەر بە لیوای هەولێر.

٣- تەنیا بارزانیەکان خۆیان نەبوون خوازیاری گەڕانەوە بوون بۆ دەڤەری بارزان، بەڵکو ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوون و بە تایبەت ئەندامە مافناسە کوردەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەنێویشیاندا(مەعروف جیاووک، مەسعود محەمەد، مەحمود بابان).

٤- مافناسان لەوکات لە هەوڵی ئەوە دابوون لە ڕێگەی یاساییەوە کۆتایی بەم پرسە بهێنرێت، بە داواکردنی دەرچواندنی یاسایەک لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ لێبوردنی گشتی لە بارزانیەکان و گێڕانەوەی موڵک و ماڵی زەوتکراویان و قەرەبووکردنەوەیان و دابینکردنی بڕێکی دیاریکراوی بۆ نیشتەجێکردنەوەیان لە زێدی خۆیان، لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزاریی پێویست بۆیان.

٥- هەموو ئەو نوێنەر و مافناسە کوردانەی لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عێراق بوون(ئەنجومەنی نوێنەران، ئەنجومەنی وەزیران، دەزگای دادوەری)، بە پێودانگی نەتەوایەتی دەبوایە هەڵوێستێکی ڕوون و دیار و ئەرێنییان بەرانبەر بە پرسی بارزان هەبوایە، بەڵام لەگەڵ بوونی ئەو ژمارە زۆرەی مافناسان لە دامودەزگاکانی دەوڵەت، کەچی بەشێکیان هەڵوێستی نەرێنیان هەبوو، بۆ بەرژەوەندیی تایبەت پشتی هەوڵ و بڕیارەکانی حکومەتی عێراقیان گرتووە، چونکە پرسی بارزان تەنیا پرسی ناوچەیەک نەبوو، بەڵکو ئاڵەنگارییەک بوو بەناوی هەموو گەلی کورد لە باشوری کوردستان.

## پەراوێزەکان:

١- ئۆلۆبەگ سەرۆکی هۆزی شێروانی و یەکێک بوو لە سەرکردە بارزانییەکان و لە ئابی ١٩٤٥ لە مێرگەسۆر کوژرا (البارزاني، ١٩٩٧، ٦٢).

٢- حیزبی هیوا لە نیسانی (١٩٣٩) لە شاری کەرکوک لەسەر دەستی کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران و قوتابیانی ئامادەیی دامەزرا، حیزبی هیوا درێژبوونەوەی کۆمەڵەی دارکەر بوو کە لەساڵی (١٩٣٧) دامەزرابوو. سەرۆکی هیوا ڕەفیق حیلمی بوو، ئامانجی هیوا بەدەستهێنانی ئامانجە ڕەواکانی گەلی کورد بوو لە باشوری کوردستان، حیزبی هیوا لە زۆربەی شارەکانی باشوری کوردستان لایەنگری هەبوو، ڕۆڵێکی کاریگەری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. حیزبی هیوا لە ئەنجامی ناکۆکییە نێوخۆییەکانی لە ساڵی (١٩٤٥) لەبەریەک هەڵوەشایەوە(شريف، ١٩٨٩، ٩٤-١١٠).

٣- سەعید قەزاز لە ساڵی (١٩٠٤) لە سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە، وەک فەرمانبەر لە چەند یەکەیەکی کارگێڕی کاریکردووە، موتەسەڕیفی هەردوو لیوای هەولێر و سلێمانی بووە، چەند جارێک کراوەتە وەزیر کە دواجار لە سەردەمی پاشایەتیدا وەزیری ناوخۆ بوو، لە ڕۆژانی سەرەتای١٤ی تەمووزی (١٩٥٨) لەگەڵ چەندین کاربەدەستی ئەو کاتە دەستگیر دەکرێن و لە لایەن دادگای سەربازی باڵای تایبەت(دادگای گەل) دادگایی دەکرێن، زۆر بوێرانە بەرگری لە هەڵوێستی خۆی کردووە، فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە و لە ساڵی (١٩٥٩) جێبەجێکراوە، سەعید قەزاز تاکە کەس بووە کە دوای جولانەوەی فەرمانی لە سێدارەدانی لەسەر جێبەجێ بکرێن(شەریف، ٢٠٠٩، ٤٩).

٤- جەمال کوڕی ڕەشید کوڕی عەبدوڵڵا بەگ کوڕی خالید پاشای کوڕی ئەحمەد پاشای بابان: ساڵی (١٨٩٣) لە دایک بووە، خوێندنی بەرایی لە بەغدا تەواو کردووە، ساڵی (١٩١٤) قوتابخانەی مافی تەواو کردووە، پاشان چۆتە خولی یەدەگ لە سوپای عوسمانی، ساڵی (١٩٢٨) لە ئەنجومەنی نوێنەراندا وەکو نوێنەری هەولێر هەڵبژێردراوە، چەندینجار کراوە بە وەزیر، پاشان ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیان، لە دوای جولانەوەیی ١٤ی تەمووزی (١٩٥٨) عێراقی بەجێهێشت و لە لوبنان دانیشت، تاوەکو ساڵی (١٩٦٦) کۆچی دواییکرد(بەسری، ٢٠٠٩، ١٩٨-١٩٩).

٥- مەعروف جیاووک: ساڵی ١٨٨٥ لەدایک بووە، کۆلێژی مافی لە ساڵی (١٩٢٠) تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤٤ پارێزگاری سلێمانی بووە. دووجار لە خولەکانی دووەم و سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نوێنەری شاری هەولێر بووە. لە ساڵی (١٩٥٨) کۆچی دوایی کردووە و لە هەرلەوێ بەخاک سپێردراوە(باوەر، ٢٠٠٤، ٧٧).

٦- عومەر نەزمی: لەساڵی (١٨٩٣) لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە کفری و ئامادەیی لە کەرکوک تەواو کردووە. ساڵی (١٩١٢) قوتابخانەی مافی لە بەغدا تەواو کردووە، چەندین ئەرک و بەرپرسیاریەتی لە دامودەزگاکانی دادوەری وەرگرتووەو، دواتر پۆستی موتەسەریفی لە شارەکانی( کەرکوک، کوت، بەسرا، موسڵ) وەرگرتووە، هەروەها لە نزیکەی (١٠) کابینەی وەزاری سەردەمی پاشایەتی بەشداریکردووە و پلەی وەزیری وەرگرتووە، دوای جولانەوەیی ١٤ی تەمموز عێراق بەجێدەهێڵێت و ڕوودەکاتە لوبنان، تاوەکو ساڵی (١٩٧٨) لەوێ کۆچی دوایی دەکات( طوبان، ٢٠١٢، ٤٤-٤٧).

٧- ئەحمەد کوڕی حەسەن بەگە، ساڵی (١٩٠٠) لە بەغدا لە دایکبووە، قوتابخانەی مافی لە ئەستەمبوڵ تەواو کردووە، بۆ یەکەم جار لە (١٩٤٢) بۆتە وەزیر، پاشان چەندانجاری دیکە بۆتە وەزیر تاوەکو لە ١٩ی ئایاری (١٩٥٨) بۆتە سەرۆک وەزیرانی عێراق، ساڵی (١٩٧٦) لە شاری بۆن لە ئەڵمانیا کۆچی دواییکردووە، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە(بابان، ١٩٩٩).

٨- لە ساڵی (١٩١٤) لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی چۆتە بەغدا و خوێندنی ئامادەیی لەوێ تەواوکردووە، لەساڵی (١٩٣٧) کۆلێژی مافی لە بەغدا تەواو کردووە و ماوەیەک بە کاری پارێزەری خەریک بووە، ڕۆڵی بەرچاوی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد هەبوو. لە ٨ی نیسانی (٢٠٠٠) لە لەندەن کۆچی دواییکردووە(عەلی، ٢٠٠٠، ١٩٥).

٩- مەبەست لقی باشوری کوردستانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستانە، کە لە ١٦ی ئەیلولی ساڵی (١٩٤٢) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراوە(فاتح، ٢٠١٢، ١٤٨).

١٠- هەمزە عەبدوڵا: کوڕی عومەر کوردۆیە، لە ساڵی ١٩١٥ لە دێی (ڕاژان) لەدایک بووە، بەهۆی پەلاماری ڕوسەکانەوە هاتونەتە باشوری کوردستان و لە شاری موسڵ گیرساونەتەوە. قوناغەکانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە موسڵ تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٣٦ کۆلێژی مافی بەغدای تەواو کردووە، یەکەک بووە لە دامەزرێنەرەکانی پارتی دیموکراتی کورد ١٩٤٦. لە ساڵی (١٩٧٧) کۆچی دوایی کردووە، ( شەریف، ٢٠٠٩، ١٥١).

١١- مەحموود جەمیل بابان ساڵی (١٩٢٠) لە کفری لەدایک بووە، ساڵی (١٩٤٣) کۆلێژی مافی تەواو کردووە و کراوە بە دادوەری لێکۆڵینەوە لە بەغدا، لە ساڵی (١٩٥١) کراوە بە نائیب، ساڵانی (١٩٥٧-١٩٥٨) دووجار کراوە بە وەزیر، ساڵی (١٩٥٤) بۆتە بەرپرسی یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا، دوای جولانەوەیی ١٤ی تەمووزی (١٩٥٨) عێراقی جێهێشتووە، لە ساڵی (١٩٩٧) لە ئوردەن کۆچی دواییکردووە(شەریف، ٢٠٠٩، ٥٠).

١١- مەحموود جەمیل بابان ساڵی (١٩٢٠) لە کفری لەدایکبووە، ساڵی (١٩٤٣) کۆلیژی مافی تەواو کردووە، دواتر کراوە بە دادوەری لێکۆڵینەوە لە بەغدا، لە ساڵی (١٩٥١) کراوە بە نائیب، ساڵانی (١٩٥٧-١٩٥٨) دووجار کراوە بە وەزیر، ساڵی (١٩٥٤) بۆتە بەرپرسی یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا، دوای جولانەوەیی ١٤ی تەمووزی (١٩٥٨) عێراقی جێهێشتووە، لە ساڵی (١٩٩٧) لە ئوردەن کۆچی دواییکردووە(شەریف، ٢٠٠٩، ٥٠).

١٢- مەسعود محەمەد لە ساڵی (١٩١٩) لە بنەماڵەیەکی ناوداری شاری کۆیە لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە و دواناوەندی لە هەولێر تەواو کردووە. ساڵی (١٩٤٥) کۆلیژی مافی تەواو کردووە، ساڵی (١٩٥٣) لە سلێمانی کراوە بە قازی، لە نێوان ساڵانی (١٩٥٢-١٩٥٤) ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە بە نوێنەری شاری هەولێر، لە ساڵی (١٩٦٤) وەزیری دەوڵەت بووە بۆ ئاوەدانکردنەوە و لە ساڵی (١٩٦٦) بۆتە ئەندامی ئەنجومەنی ڕاژە و ساڵی (١٩٧١) ئەندامی یەکەمی جێگری کۆڕی زانیاریی کورد بووە، لە ساڵی (٢٠٠٨) کۆچی دواییکردووە(العامری، ٢٠٠٨، ١٧).

## لیستی سەرچاوەکان:


### بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:

- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنوس و بەڵگەنامەکان، دۆسیەی ژمارە (١٠٤)، کتاب وزارة الخارجیة الی سکرتاریة المجلس الوزراء، الرقم (٨٥٣)، ٥ شباط ١٩٣٣، الموضوع: اعلان العفو عن البارزانیین.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنوس و بەڵگەنامەکان، دۆسیەی ژمارە (١٠٤)، کتاب دیوان المجلس الوزراء، الرقم (٣١٩)، ٧ شباط ١٩٣٣، سري للغایة ومستعجل.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنوس و بەڵگەنامەکان، دۆسیەی ژمارە (١٠٤)، وزارة الداخلیة- شعبة المخابرات السریة، الرقم (٥٦٦)، ١٨ أذار ١٩٣٣، الموضوع: العفو العام عن العصاة البارزانیین.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنوس و بەڵگەنامەکان، دۆسیەی ژمارە (١٠٤)، سنة ١٩٣٣، لائحة قانون العفو عن البارزانیین.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنوس و بەڵگەنامەکان، دۆسیەی ژمارە (٢)، الموضوع: منشورات حزب هیوا عند قیام انتفاضة بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥.
- ئەکادیمیای کوردی، بەشی دەستنوس و بەڵگەنامەکان، دۆسیەی ژمارە (٢)، دیوان مجلس الوزراء، الرقم (٨)، ١٩ أب ١٩٤٥، الموضوع: اعلان الادارة العرفیة في لواء اربیل و موصل.

### بەڵگەنامە بڵاوکراوەکان:

- الدولة العراقیة، محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابیة الثالثة، ١٩٣٢.
- الدولة العراقیة، محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابیة الرابعة، ١٩٣٣.
- الدولة العراقیة، محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابیة العاشرة، ١٩٤٥-١٩٤٦.
- الدولة العراقیة، محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابیة الثانیة عشرة، ١٩٤٨-١٩٥٢.
- الدولة العراقیة، محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابیة الثالثة عشرة، الاجتماع الاعتیادي، لسنة ١٩٥٣.

- الدولة العراقية، محاضر مجلس النواب، الدورة الانتخابية الخامسة عشرة، الاجتماع الاعتيادي، لسنة (١٩٥٦-١٩٥٧).
- الدولة العراقية، مجلة الوقائع العراقية، العدد (٣٥٦٠)، ٧ شباط ١٩٥٥.

## کتێبە بەڵگەنامەییەکان:

- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٣، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٥٣.
- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٦، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٨٨.
- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٧، مطبعة العرفان، صيدا، ١٩٨٨.

## یاداشتەکان:

### بەزمانی کوردی:

- شەریف، (٢٠٠٩)، تاریق ابراهیم، موحسین دزەیی وێستگەکانی ژیانم، و: ئیسماعیل بەرزنجی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- محەمەد، مەسعود، (١٩٩٩)، گەشتی ژیانم، چاپی دووەم، هەولێر.
- ناکام، سەعید، (٢٠٠٣)، بیرەوەرییەکانی سەعید ناکام، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

### بەزمانی عەرەبی:

- جیاووک، معروف، (١٩٣٧)، نيابتي، مطبعة الزمان، بغداد.
- جیاووک، معروف، (١٩٥٤)، مأساة بارزان المظلومة، بغداد.

## تێزە ئەکادیمیەکان:

### بەزمانی عەرەبی:

- جبار، عباس عطية، (١٩٧٢)، الحياة البرلمانية في العراق ١٩٣٢-١٩٣٩ دراسة تاريخية، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة بغداد.
- رسول، هيمن عثمان، (٢٠١٥)، دور نواب اربيل في مجلس النواب العراقي خلال العهد الملكي ١٩٢٥-١٩٥٨، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة المنصورة.
- السعدي، ثائر جاسم محمد، (٢٠١٤)، القضية الكوردية في الصحافة البغدادية ١٩٤٥-١٩٥٨، رسالة ماجستير، كلية التربية جامعة القادسية.

- المظفري، نبيل عگيد محمود، (٢٠٠٠)، دور نواب كركوك في مجلس النواب العراقي خلال العهد الملكي ١٩٢٥-١٩٥٨ دراسة تاريخية لدورهم الوطني، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الاداب، جامعة الموصل.
- نذير، عدنان سامي، (١٩٩٣)، دور نواب الموصل في البرلمان العراقي خلال العهد الملكي ١٩٢٥-١٩٥٨، أطروحة دكتوراه، كلية الاداب، جامعة الموصل.


## کتێبەکان:

### بەزمانی کوردی:


- باوەڕ، ئەحمەد، (٢٠٠٤)، کۆمەڵەی یانەی سەرکەوتن، چاپخانەی تیشک، لە چاپکراوەکانی شارەوانی کەلار، کەلار.
- دەباغ، فەیسەل، (١٩٩٧)، حزبی هیواو جولانەوەیی (١٩٤٣-١٩٤٥)ی بارزان، هەولێر.
- سالح، ئازاد عوبید، (٢٠١٢)، ڕۆڵی سیاسی و کارگێڕی و ڕوناکبیری مەعروف جیاوک(١٨٨٥-١٩٥٨)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- عەلی، ئەحمەد شەریف، (٢٠٠٢)، برایم ئەحمەد ژیان و بەهرەو داهێنانی، چاپخانەو کۆمپیتەری بەدرخان.
- فاتح، محەمەد، (٢٠١٢)، پەرەسەندنی ژیانی حیزبایەتی لە کوردستانی باشووردا، هەولێر.
- کەریمی، عەلی، (٢٠٠٥)، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی، چ٢، چاپخانەی کاربین، سلێمانی.
- مەردۆخی، عەبدولا، (٢٠١٢)، چەند یادگارێکی مامۆستا برایم ئەحمەد، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.


### بەزمانی عەرەبی:


- ايغلتن، ويليم، (١٩٩٩)، جمهورية مهاباد- جمهورية ١٩٤٦ الكوردية، ت: جرجيس فتح لله، ط٢، دار أراس للطباعة والنشر، اربيل.
- البارزاني، مسعود، (١٩٩٧)، البارزاني والحركة التحررية الكوردية، ج١، دار كاوا للثقافة النشر، الطبعة الثانية، اربيل.
- البوتاني، عبدالفتاح علي، (٢٠١٠)، صفحات من الذاكرة الموصلية، مجموعة مقالات ومقابلات ومواضيع عن تاريخ موصل القريب، مطبعة جامعة دهوک، دهوک.
- الحفو، غانم محمد، (١٩٩٢)، الحركة الوطنية في الموصل منذ ١٩٢١ حتى اندلاع الحرب العالمية الثانية، موسوعة الموصل الحضارية، المجلد الخامس، دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل.

- الدوسكي، سالار عبدالكريم افندي، (٢٠٠٨)، دور نواب السليمانية في مجلس النيابي العراقي ١٩٤٥-١٩٥٨، مطبعة خاني، دهوك.
- رسول، اسماعيل شكر، (٢٠٠٥)، اربيل دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩-١٩٥٨، منشورات المركز الثقافي، اربيل.
- شريف، طارق ابراهيم، (١٩٨٨)، شخصيات تتذكر، الجزء الاول، أربيل.
- شريف، عبدالستار طاهر، (١٩٨٩)، الجمعيات والمنظمات والأحزاب الكوردية في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، ط١، بغداد.
- طوبان، حيدر علي، (٢٠١٢)، اسرة عمر نظمي دورها السياسي واتجاهاتها الفكرية في العراق المعاصر، الطبعة الاولى، مكتبة عدنان، بغداد.
- العامري، راهي مزهر، (٢٠٠٨)، مسعود محمد ودوره السياسي في العراق ١٩١٩-١٩٦٨، مكتبة الجزيري، بغداد.
- عيسى، حامد محمود، (١٩٩٢)، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط منذ بدايتها حتى سنة ١٩٩١، مكتبة مدبولي.
- الفهد، عبدالرزاق مطلك، (٢٠١١)، الأحزاب السياسية في العراق ودورها في الحركة الوطنية والقومية ١٩٣٤-١٩٥٨، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، الطبعة الاولى، بيروت.
- قادر، احمد محمدامين، (٢٠٠٧)، موقف مجلس النواب العراقي من القضية الكوردية في العراق ١٩٢٥-١٩٤٥، بنكەی ژين، السليمانية.
- قادر، مثنى أمين، (٢٠٠٣)، قضايا القومية وأثرها على العلاقات الدولية (القضية الكوردية نموذجا)، مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية.
- متولي، محسن محمد، (٢٠٠١)، كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق، دار العربية للموسوعات، بيروت.

## گۆڤارو ڕۆژنامەکان:

### بەزمانی کوردی:

- مام جەلال، کوردستانی نوێ، (ڕۆژنامە)، ژمارە (٢١٥٢)، ٢٢/٥/ ٢٠٠٠.
- ئەحمەد، (١٩٩٦)، ئیبراهیم، لە بیرەوەریەکانم لە دامەزراندنی کۆمەڵەی ژ.ک، گزینگ (گۆڤار)، ژمارە(١٣)

### بەمانی عەرەبی:

- الاخاء الوطني. (الجريدة)، العدد (٤١٦)، ٢٧ تموز ١٩٣٣.

- الاخاء الوطني. (الجريدة)، العدد (٤١٨)، ٣٠ تموز ١٩٣٣.
- الأوقات البغدادية (الجريدة)، العدد (٣٠٠)، الخميس ٤ حزيران ١٩٥٣.
- الأوقات البغدادية (الجريدة)، العدد (٣٠٥)، ٢٣ نيسان ١٩٥٣.
- الأوقات البغدادية (الجريدة)، العدد (٣٢٤)، ١٨ مايس ١٩٥٣.
- البلاد. (الجريدة)، العدد (٢٥٧٨)، ٢٧ اذار ١٩٣٥.
- البلاغ. (الجريدة)، العدد (٣٩٥)، ١٤ تموز ١٩٣٥.
- البلاغ. (الجريدة)، العدد (٤٠٠)، ١٩ تموز ١٩٣٥.
- البلاغ. (الجريدة)، العدد (٤١٧)، ٢٠ ايلول ١٩٣٥.
- البلاغ. (الجريدة)، العدد (٤٢٣)، ١ تشرين الاول ١٩٣٥.
- البلاغ. (الجريدة)، العدد (٤٥٩)، ١٨ شباط ١٩٣٦.
- فتى العراق. (الجريدة)، العدد (٢٠٧)، ٣٠ حزيران ١٩٣٥.
- فتى العراق. (الجريدة)، العدد (٢٠٨)، ١ تموز ١٩٣٥.



**الملخص:**

تعتبر الحركة الوطنية في منطقة بارزان، التي نشأت في أوائل ثلاثينيات القرن العشرين جزءًا من سمات الحركة التحرير الوطنية الكردية، وعلى الرغم من انتهاء حركة بارزان في (١٩٤٥)، استمرت هذه القضية حتى عهد الحلكم الملكي (١٩٥٨)، برغم التحديات العديدة مثل الاعتقالات والقتل والترحيل. وقد تجسدت القضية البارزانية في هذه الفترة في رغبة أهل بارزان في الحصول على العفو والعودة إلى وطنهم الأصلي.

خلال هذه الفترة، رفض البارزانيون المنفيون مراراً العروض الحكومية لإعادة توطينهم خارج منطقة بارزان، بما في ذلك مشروع التوطين الذي أعده مجلس الإعمار في قضاء مخمور التابع للواء أربيل. و لم يقتصر نداء بالعودة إلى الوطن على البارزانيين أنفسهم، بل طالب عدد من النواب الشجعان الحكومة بصدق وأمانة بمنح العفو عن المعتقلين، وتعويضهم، وإعادتهم إلى بارزان، معتبرين ذلك حقًا مشروعًا لهم. ومن بين هؤلاء النواب: معروف جياوك، ومسعود محمد، ومحمود بابان.

اتبعت هذه الدراسة منهج البحث التاريخي لتسجيل الأحداث، ومراجعتها، وتحليلها بشكل موضوعي. وبالاستناد إلى منهج التحليل التاريخي، تم عرض دور وتأثير المحامين الكورد في جنوب كردستان في التعامل مع قضية بارزان والدفاع عن حقوق ومظلومية أهل بارزان خلال الفترة (1932-1958).

نتيجةً لجهود المحامين الكورد، استجابت الحكومة العراقية لبعض المطالب، مبينة اهتمامها بهذه القضية، وفي إطار الموازنة المالية العامة لعام ١٩٥٣، خصصت الأموال اللازمة لهذا الغرض.

ونتيجة لذلك، أطلقت الحكومة سراح معظم السجناء. ولم يبق سوى الشيخ أحمد البارزاني وإخوته وعدد من أقاربه، كما ساعدت الحكومة أولئك الذين أرادوا العودة الى بارزان.